

جەلیل قەسی 2006/6/21

**خوێندنەوەی کتێب:**

# جەلیل قەیسی و مەملەکەتی تیشکەکان

ئالان حەمە سالح

جەلیل قەیسی یەکێکە لەچیرۆکنوسە دیارەکانی سالآنی شەست و بەنەوەی شەستەکانی چیرۆکی عێراقی دادەنرێت و خاوەن ڕێچکەوتایبەتمەندیەکی هەمەجۆرودیارە لەنوسینی چیرۆك و شانۆنامەدا ، ئەمە جگەلەتەکنیك و شێوازی گێڕانەوەو خولْقاندنی کەسایەتی وکەشی گشتی ، ئاشنایەتی من لەتەك بەرهەمەکانی ئەم چیرۆکنوسەدابۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە کە حەوت شانۆنامەی یەك پەردەیی ئەم چیرۆکنوسەم خوێندەوە، کەلەسالْی 1988 لەبەغداد چاپکرابووبەزمانی عەرەبی بەناوی (وداعا ایهاالشعرا ء ) ( مالْئاوا ئەی شاعیران) ودواتر (في زوق واحد) کە کۆمەلْە چیرۆکێکی تری نوسەرکەسالْی1985 هەرلەبەغداد چاپکرابوو ..پاش ئەمانەوە ماوەیەك لەمەوبەر کۆمەلْە چیرۆکێکی تری ئەم چیرۆکنوسەم بینی کەلەلایەن (نەوزادئەحمەدئەسوەد) ەوە کراوە بەکوردی و لەدەزگای چاپ و پەخشی سەردەم)

بلاْوكراوه‌ته‌وه ،به‌ڕاستی بینینی ئه‌م كتێبه زۆردڵخۆشی كردم بۆئه‌وه‌ی هه‌رهیچ نه‌بێت خوێنه‌ری كوردی ئاشنابن به به‌رهه‌مه‌كانی ئه‌م چیرۆكنوسه هه‌رچه‌نده له‌سالأنی ڕابوردودا زۆرێك له‌ده‌قه‌شانۆییه‌كانی ئه‌م نوسه‌ره له‌لایه‌ن شانۆكارانه‌وه خراونه‌ته‌سه‌رته‌خته‌ی شانۆ ،بۆیه ده‌توانم بڵێم جه‌لیل له‌دونیای هونه‌ری شانۆدا له‌كوردستان ناوێكی نامۆنیه‌و زۆربه‌شانۆكاران ئاشنایه،ئه‌مه جگه‌له‌وه‌ی چیرۆكه‌كانیشی به‌هه‌مان شێوه تائێستا له ڕیزی پێشه‌وه‌ی ئه‌و چیرۆكانه‌ن كه له‌لایه‌ن ڕه‌خنه‌گرانه‌وه قسه‌یان له‌سه‌رده‌كرێت ، ئه‌م به‌رهه‌مه‌ش ئه‌مه‌نده‌ی تر به‌خوێنه‌ری ئێمه‌ی ده‌ناسێت..

مه‌مله‌كه‌تی تیشكه‌كان له هه‌شت چیرۆكی جه‌لیل قه‌یسی پێكهاتوه له‌گه‌ڵ 21 كورتیله چیرۆك دو شانۆنامه كه ئه‌وانیش (هه‌وڵێك بۆناسینی لیدی ماكبێس ،ماڵئاوا ئه‌ی شاعیران) له گه‌ڵ گفتوگۆیه‌كی چڕوپڕله‌تك جه‌لیل قه‌یسی، پێم وایه ئه‌م كتێبه‌تاڕاده‌یه‌كی باش ده‌توانێت ئاشنامان بكات به‌و جیهانه تایبه‌تیه‌ی كه‌ئه‌م چیرۆكنوسه هه‌یه‌تی چ له نوسینی شانۆنامه چ له‌نوسینی چیرۆك، به‌تایبه‌تیش هه‌ڵبژاردنی ئه‌و چیرۆكانه كه وه‌رگێر هه‌ڵیبژاردوه وئه‌و دوشانۆنامه‌یه‌ش من پێم وایه به‌رهه‌مه دانسقه‌كانی ئه‌ون ،بێگومان ئه‌مه‌ش ئه‌مه‌نده‌ی تر سه‌نگینی به‌و نوسه‌ره‌و ئه‌م به‌رهه‌مه ده‌به‌خشێت، بینینی ئێمه‌و خوێندنه‌وه بۆ به‌رهه‌مه‌كانی ئه‌م نوسه‌ره ئه‌توانین له چه‌ند ئاستێكی تایه‌تیدا بێت كه‌ئه‌وانیش من به‌سه‌ر ئه‌م به‌شانه‌دا دابه‌شم كردون(زمان، ته‌كنیك ،پێگه‌ی خه‌یاڵ و فه‌نتازیا) ئه‌م سێ ته‌وه‌ره‌یه خوێندنه‌وه‌ی خێرای منه‌بۆ كۆمه‌ڵه چیرۆكی مه‌مله‌كه‌تی تیشكه‌كان...




* زمان ..

له ئه‌ده‌بیاتی چیرۆكنوسیندا كه به‌رهه‌مێكی ئه‌م نوسه‌ره ده‌خوێنیته‌وه یه‌كه‌م شت به بڕوای من خوێنه‌ر به‌ریده‌كه‌وێت زمانه، زمان بۆئه‌و له‌چه‌ندلایه‌نێكه‌وه به‌های خۆی هه‌یه یه‌كه‌میان زمان وه‌ك بزاوتێكی قوڵی گوزارشتكردن ،كه‌زۆرجار ئه‌م لایه‌نه له‌شه‌ڕو گرفتدایه له‌ته‌ك توانستی گوزارشتكردنی نوسه‌ردا به‌تایبه‌تی ئه‌و لایه‌نه‌ی كه بیه‌وێت گوزارشتی پێبكات،زمان تاڕاده‌یه‌كی زۆر سنور ده‌به‌زێنێت به‌تایبه‌تی سنوری بابه‌ت و چیرۆك ،به‌ڵام ڕه‌نگه پێگه‌ی زمان له چیرۆك و شانۆدا زۆرله‌یه‌كتر جودابن ،له‌شانۆدا زمان پێویستی به‌كورتی گه‌یاندن هه‌یه،چونكه‌دابه‌شكردن و جیاكردنه‌وه‌ی زمان له‌سه‌ر ئه‌ساسی دیمه‌ن و دیالۆگه ،ئه‌مه‌ش واده‌كات په‌یوه‌ندی نێوان كاره‌كته‌ره‌كان له‌سه‌ربنه‌مای ئه‌و زمانه دروستبێت كه نوسه‌ر سنوربه‌ندی بۆكردوه،بۆیه زۆرجار ده‌رهێنه‌ره‌كان ئه‌م لایه‌نه فه‌رامۆش ده‌كه‌ن،هه‌ندێ جار گله‌یی نوسه‌ران له ده‌رهێنه‌ران له‌و ئاسته‌دایه كه چیرۆكی

شانۆنامەکە ونبوە،بەتایبەتی کامۆ زۆرجار ئەو ڕەخنەیەی لە دەرهێنەران دەگرت کە تێکستەکانی ئەویان تێکشکاندوە بە هۆی گوزارشتکاری زمانەوە.

بەهۆی ئەوەی قەیسی لەیەککاتدا چیرۆکنوس وشانۆنوسیش بوە دەبینین زۆر کاری لەسەرئەم لایەنە کردوە ،بەتایبەتی لە ڕوی ستراکتۆری بابەتەوە لە دیدارێکی جەلیل قەیسی لەگەڵ ( ڕەعد مەتشر)سەبارەت بە بەرکەوتنی ڕۆمان و شانۆ لەبەرامبەر ژیاندا ،جەلیل قەیسی دەڵێت"شانۆو ڕۆمان پێویستیان بەوەهەیە کە نوسەرانیان ئەزمونیان هەبێت ،بەلآم چیرۆکنوسین کاری پێکگەیشتنە،بەتایبەتی پێگەشتن لە ڕوی زمان و تەکنیك و ئاخافتن ...

بەدەرلەم حاڵەتانەش زمان لەچیرۆك و شانۆنامەکانی ئەم نوسەرەدا تائاستێکی زۆر بێگەردو سافە گوزارشتێکی ڕاستەقینەیە لە کرۆکی بابەتەکان بەبڕوای من گەرئەو زمانە بێگەردەو پڕلە گوزارشتە نەبایە هەرگیزاو هەرگیز جەلیل قەیسی وەك ئەوەی ئێستا نەدەناسراو ئاستی داهێنانیشی بەمە نەدەگەیشت،جگەلەم وەرگێڕی بەرهەمەکەشی بەزمانێکی زۆرڕەوان ،بەکوردیەکی ساف و بێ گرێ ئەم کتێبەی بۆزمانی کوردی وەرگێڕاوە ،بەشێوازێك خوێنەرواەدزانێت بەرهەمەکە بە کوردی نوسراوە نەك بەزمانێکی ترو پاشان بۆکوردی وەرگێڕابێت...

***تەکنیك:**

ناکرێت بەبێ تەکنیك باس لە چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنوسە بکەین ،بەتایبەتی لە نوسینی چیرۆکدا هەرچەندە بۆخۆم بەمدوایانە چەند شانۆنامەیەکم بینی ئەو جەلیل قەیسیە نەبو کەمن پێشتر خوێندبومەوە،ئەمەش شتێکی واریدە لەدونیای نوسیندا،مەرج نیە هەموو نوسەرێك بەرهەمەکانی لەئاستێکدا بن،بەلآم لە چیرۆکداو بەتایبەتیش لە نوسینی کورتیلە چیرۆك ئەوەی ئێستا لە ئەدەبی عەرەبیدا پێی دەڵێن بروسکە چیرۆك تەکنیکی ئەم چیرۆکنوسە لە ئاستێکی زۆربالآدایە ،بەوەی بەچەند پەرەگرافێك یان چەند دێڕێك شتێکی گەورەدەگەیەنێت ،بێگومان ئەم شکڵە نوسینە لە هەشتاکاندا بەتایبەتی لای ئەو چیرۆکنوسانەی کەدەیانویست ڕێڕەوێکی باشتربۆئەدەب وچیرۆکی عێراق بدۆزنەوە دەبینرا،بیرشم دێت لە زۆرێك لە گۆڤارە عێراقیەکان هانی ئەم ئەزمونە نوسینە ئەدرا لە چیرۆکدا ،یەك کورتیلە چیرۆك کە وەرگێڕزۆرجوان وەریگراوە بەناوی شێت کە چیرۆکەکە تەنها ئەمەندەیە:

**شێت**

کێ نکۆلی لەوەدەکات کە هونەرمەندێکی باش بوو ؟

بەڵێ بەهەموو مانای وشە هونەرمەندێکی باش بوو.

ساڵێکە شێت بووە...

ئاه..دەبێ ئێستاچۆن چۆنی شتەکان ببینێت وبیانخەملێنێ

ئەگەرچی شێتە،بەلآم دڵنیام بەقوڵی شتەکان دەبینێ ،لەوانەشە بەقوڵیەکی زیاترو زۆرتر لەجاران..

گەرسەیری تەکنیکی ئەم چیرۆکەبکەین کەتەنها لەمەندە پێکهاتوە ،وەك بروسکەیەك مانایەکی قوڵ دەگەیەنێت ،بێگومان تەرحکردنی بابەت وخستنەڕوی بابەتێکی کورت پێویستی بەتەکنیکێکی بەرفراوان دەبێت بۆئەوەی لە کورترین ماوەدا زۆرترین شت وواتە بگەیەنێت

بەخوێنەر، زۆرجاریش کۆی ئەو بابەت و کێشەیەی لە چیرۆکدا دەیخاتە ڕوو شتێکی وردە یان کێشەیەکی کەم کاریگەرە ،بەڵام ئەوە تەکنیکە لای ئەو وای کردوە کە خوێنەربەوردی بەدوی کێشەو بابەتی چیرۆکەکەدا بڕوات،بێگومان تەکنیکی هونەریی چیرۆکنوسێن ئەوە وادەکات ئەو لە چیرۆکنوسێکی تر جودا بکاتەوە ،بەتایبەتی لە دروسکردنی کارەکتەرو وێنەکێشانی ناوەوەی کارەکتەرەکاندا چیرۆکنوسێکی زۆروێنەکێشە وبەتەواوەتی ناخی هەموو کارەکتەرەکانیمان پیشان ئەدات،چ هەڵچونە دەرونی و سایکۆلۆژیەکانی بێت چ قەلەقی و نادڵنیاییەکانی کارەکتەرەکان بەرامبەر دەرەوەی خۆیان و هەڵوێستیان بەرامبەربەو شتانەی کەڕوبەڕویان دەبێتە ،بۆیە دەتوانین بڵێین کارەکتەرەکانی جەلیل قەیسی کارەکتەری ناوەکین ولە کاتی دوان وقسەکردنیاندا خوێنەربەتەواوەتی هەست بە ئیحساسی ناوەوەیان دەکات...

***پێگەی خەیاڵ و فەنتازیا:**

خەیاڵ و فەنتازیا دوچەمکی زۆرگرنگی چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنوسەن،ئەو لەکاتی ڕەنگرێژکردنی بابەت و سکێچی چیرۆکەکانیدا گرنگی زۆربەمیسیۆلۆژیاو مێژوی کۆن ئەدات ،بەتایبەتیش لەوگەڕانەوانەیدا بۆمێژووی کۆن وپڕبەهای شاری (ئارابخا) ی کە کەرکوکی ئەمڕۆدەکات،لە چیرۆکەکانیشداولەو گەڕانەوانەدا لەڕێگەی ئاوێتەبونی واقیع وەك ئەوەی هەیەو ئەفسانە کۆنەکانی ئەوشارە سروتێکی تایبەت دەخولقێنێ ئەو سروتە مەگەربەتەنها لە کاتی خوێندنەوەخوێنەربتوانێت چێژی تەواوەتی لێببینێت ،لەگەڵ گێڕانەوەی زۆرێك لەو ئەفسانەو مێژوەکۆنەدا ڕەگەزێکی زۆرگرنگ ئامادەیە ئەویش خەونە،فەنتازیاو خەون و خەیاڵ سێ کوچکەیەکی بەهێزی چیرۆکەکانی ئەون ..

دیارە لەم ئیشکردنەشیدازیاتر بە مێژوی ئەوشارەدا"کەرکوك" چوتە خوارەوەو چەندین داستان و بەیتی کۆنی لەناو چیرۆکەکانیدا زیندوکردۆتەوە،گەربێتوو خوێنەر بەوردی ئاگای لەمێژووی کۆنی بابلی و سۆمەریەکان نەبێت لەم شارەدا ئەوەبەدڵنیاییەوە کۆمەڵێك شت هەیە ئەوە وەك نیشانەی پرسیار لەدوای خوێندنەوەی چیرۆکەکانی لای بە جێدەمێنێ،من بۆخۆم یەکێك بوم لەو خوێنەرانە تا تێکستە عەرەبیەکەم خوێندەوە زۆرێك لەو فەنتازیاو ناوی خواوەندانە لەچیرۆکەکاندا هەبوو نەمدەزانی چین ولەکوێوەهاتون،بەسوپاسەوە دوای خوێندنەوەی بەرهەمە کوردیەکەی نەوزادئەسوەد"مەملەکەتی تیشکەکان" لەپەراوێزی هەموو چیرۆکەکاندا ئەوزاراوەو ناوانەی بۆخوێنەرشیکردوەتەوە ،بێگومان ئەمەندەی تر ئەم کارە ئیش بۆخوێنەر ئاسان دەکان کە بەئاسانی چێژلەو چیرۆکانەوەرگرێت و لەوشفرەونهێنیانەبگات ...